پرۆژەی چاکسازی بنەڕەتی بۆ سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان ... سامان عەول

ئایا چاکسازییەکی بنەڕەتی بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان پێویستە، یان هەڵبژاردن و گۆڕینی کەسایەتی و حیز و گرووپەکان، ئایا تەنیا ئەوە بەسە کە حیزبی نوێ دابمەزرێنین و لەسەر هەمان سیستەمی شکستخواردو بچینە گەمەی هەڵبژاردنەوە و هیوامان بەوەبێ کە گۆڕانکاری ڕاستەقینە دەخوڵقێنین یان ئەمە مەحاڵە؟
ئالبێرت ئەنیشتاین(Albert Einstein 1955-1879) دەڵێت: (گەمژەیی ئەوەیە کە کردارێك بەهەمان شێواز و هەمان هەنگاو دووبارە بکەیتەوە و چاوەڕوانی دەرئەنجامی جیاوازبکەیت)، واتە بۆئەوەی ئەنجامەکەمان جیاوازبێت دەبێت هەمان کردار دووبارە نەکەینەوە و بۆئەوەی هەمان کرداریش دووبارەوە نەکەینەوە، دەبێت یاساکانمان و سیستەمی سیاسی بەم شێوازە لە حکومڕانیی بگۆڕین.
کوردستان ئێستا لەهەموو ڕوکەوە داڕوخاوە،ێ لەڕوی ئابوورییەوە، لەدەستدانی زۆربەی سەرچاوە ئابوورییەکان، وەك بیرە نەوتەکانی کەرکوك و خاڵە سنوورییەکان و تەنانەت کار گەیشتە داخستنی فڕۆکەخانەکانیش، ئێستا کوردستان خاوەنی هیچ سەرچاوەیەکی ئابوری تۆکمە و سەربەخۆ نییە.
لە ڕووی سیاسیشەوە، خاوەنی پارلەمانێکی بەسەرچوو و حکومەتێکی تاکلایەنە (لەدوای کشانەوەی گۆران و کۆمەڵ و یەکگرتووە) و کورسییەکی سەرکایەتی بەتاڵین.
لە ڕووی سەربازیشەوە، دوو حیزب خاوەنی دوو هێزی تایبەتن و ئەو هێزەیش کە پاراساتنی کوردستانی لە ئەستۆ گرتبوو، ئێستا لەدوای کشانەوەیان لە کەرکوك، بەموچە بە وڕەیەکی ڕوخاوەوە بۆ دامرکاندنەوەی خۆپیشاندنەکانی خەڵکی کوردستان بەکاردەهێنرێن.

واتە دەتوانین بڵێین ئێستا کوردستان بەرەو هەدەر دەڕوات و لەبەردەم داکشانێکی تەواوەتیدایە و ئەگەری ئەوەش هەیە بەکو لەلایەن ئێران و تورکیا و شیعەوە کار بۆ ئەوە دەکرێت کە کوردستان بکرێتەوە بە سێ پارێزگا و کۆتایی بە سیستەمی فیدراڵییەت بهێنرێت لە عێراق.

ئەو هەوڵانەی ئێستا لە کوردستاندا لەئارادان بۆ چاکسازی

ئەوەی هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی باسی لێوەدەکەن (ئەگەر نەوەی نوێ بێت، یان هاوپەیمانییەکەی گۆران\ کۆمەڵ هاوپەیمانی بێ دیموکراسی و دادپەروەری بێ) ئەوەیە کە لەووی سیاسییەوە سیستەمی حوکمڕانی کوردستان دەکەن بە پارلەمانی و لەووی ئابوریشەوە بودجەی هەرێم و هەموو سەرچاوە دارایەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەم دوو حیزبە دەربهێنن، لەووی سەربازیشەوە کار بێ دروستکردنی سوپایەکی نیشتیمانی و دوور لە حیزبایەتی بکەن، باشە ئەمە لە خەون ناچێت؟ بەتایبەت: 1. کوردستان لە نەخشێك دەچێت کە لەژووری بوژانەوەدا بێت و لەلایەکی تریشەوە ئەم دوو حیزبە بە ئاشکرا دەڵێن ئێمە دەستبەردارى دەسەڵات نابین تەنانەت ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانیشیدا سەرکەوتوو نەبین، جگەلەوەش رێگەنادەین چەك بکرێین (هەروەك مەلا بەختیار، ئەندامی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی پێکرد).
2. بەرەی ئۆپۆزسیۆنیش خاوەنی بیر و بۆچوون و روانین و ئایدیۆلیژیای جیاوازن و هەروەها میکانیزمی چارەسەرکردنیشیان بێ کێشەکان جیاوازی هەیە هەروەك لەرابردوودا بینیمان، هەروەها ئەگەری زۆریش هەیە کە هەندێك لەم لایەنانە لەپێناو بەرژەوەندی تایبەت و پێست و پایەدا بچنە پاڵ یەکێتی و پارتی.
3. ئەگەر بەشداریەکی فراوانی کۆمەڵانی خەڵك لە هەڵبژاردنەکان نەبێت ئەم هەوڵانەی هێزەکانی دەرەوەی پارتی و یەکێتی شکست دەهێنێت، لەم دۆخەشدا کە خەڵکی کوردستان کە لەووی سایکۆلۆژیی و دارایەوە داوخاون (بەتایبەت لە دوای کشانەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لە کەرکوك و شکستی خۆپشاندانەکان)، بۆیە زەحمەتە هەر کەس و لایەنێك بتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست و جارێکیتر ببێتە هیوا بۆ خەڵکی کوردستان و چاکسازی لە سیستەمی حکومڕانیدا بکات، بەوجودی ئەو هەموو ساختەکارییانەی کە لەژێرەی بەشداربووان و دەرەنجامی هەڵبژاردنەکاندا دەکرێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین نە هەڵبژاردن فریادڕەسە و نە ئەم هێزانەی دەرەوەی پارتی و یەکێتی دەتوانن دەسەڵات بگرنە دەست، هەروەها نەدەشتوانن چاکسازی ڕیشەیی لە سیستەمی حوکمڕانی کوردستاندا بکەن، جگەلەوە بەلایەنی کەمەوە ناشتوانن هەرێم بگەڕێننەوە سەردەمی پێش ڕەفڕاندم.

پرۆژەی چاکسازیی بنەڕەتیی

بۆئەوەی چاکسازییەکانمان دەرەنجامی هەبێت، دەبێت بیر لە چاکسازیی

بنەەتیی لە سیستەمی سیاسی و گۆینی یاسا و هەروەها دانانی دەستورکی شایستە بۆ کوردستان بکەینەوە. بۆ ئەمەش دەبێت سوود لە دەستور و یاسای ئەو وڵاتانە وەربگرین کە لەووی جیۆپۆلۆتیکییەوە لە هەرێمی کوردستان دەچێت، بۆیە ئەم پڕۆژەیە بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی 727 ساڵ مێژوی کۆنفیدراڵی سویسرا ئامادە کراوە و دەخرێتە بەردەم هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها رووناکبیران و رۆکخراوە مەدەنییەکان.
بەو ئومێدەی کە بکرێت بە داواکارییەکی جەماوەری و پڕگرامی ئەو حیزب و لایەنانەی کە داوای چاکسازیی بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن، هەموان پێکەوە بتوانین ئەم پڕۆژەیە بۆنینە سەر مێزی گفت و گۆو دانوستان و کار بۆ پراکتیزەکردنی خاڵەکانی بکرێت.

چۆن سویسرا و کوردستان لەووی جیۆپۆلیتیکەوە لەیەك دەچن؟

سویسرا لەووی جوگرافییەوە کەوتۆتە سەر چیاکانی ئەلپ لە ناوەڕاستی ئەورووپا، هەروەك چۆن کوردستان کەوتۆتە سەر زنجیرە چیایەکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوچە شاخاوییەکان هەمیشە سنوری ئیمپراتۆرەکان بووە (سویسرا دەکەوێتە نێوان چوار دەوڵەتی زلهێزەوە کە خاوەنی ئیمپراتۆرییەت بوونە و بریتین لە: نەمسا و ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و، کوردستانیش دەکەوێتە نێوان سێ نەتەوەی گەورەوە کە خاوەنی ئیمپراتۆرییەت بوونە و بریتین لە: عەرەب و تورك و فارس).
لەنێو چیاکانی ئەلپدا کۆمەڵك کانتۆنی سەربەخۆ بوون وەکچۆن کوردستان سنوری سەفەویەکان و عوسمانییەکان بووە و کۆمەڵك ئیماراتی سەربەخۆی تێدا بووە، ئەم کانتۆنانە لەژێر دەسەڵاتی نەمساویەکاندا بوون، بەڵام کاتێك کە سێ لەم کانتۆنە سەربەخۆیانە لەساڵی (1291)دا لەژێر چەتری کۆنفیدراڵییەکەدا دژ بە داگیرکەرانیان یەك دەگرن، بەڵێننامەیەك واژۆ دەکەن کە هەمیشە یەك کۆنفیدراڵی کۆیانبکاتەوە، بەڵام کەسیان دەست نەخەنە کاروباری ئەوی تریانەوە، لێرەدا کاتێك لە شەڕی مەرگاردن بەسەر نەمساویەکاندا سەردەکەون، ئیتر لەگەڵ رۆژگاردا کانتۆن و ئیماراتە سەربەخۆکانی تری ناوچەکە دێنە ناو ئەم کۆنفیدراڵییەوە، لەساڵی (1848)دا یەکەم دەستوریان دانا کە تیایدا سویسرا شێوازێکی فیدراڵی وەرگرت و لەسەر هەمان شێوازی فەرەنسا سیستەمی سیاسیان دانا کە سیستەمی (کۆمەڵەی نیشتیمانی و حکومەتی کۆمەڵە)ە، لەم سیستەمە سیاسییەدا پارلەمان پێدەوترێت (کۆمەڵەی نشتیمانی).

دەستوری سویسرا لە ساڵانی (1874) و (1999)دا دووجار دەستکاری کراوە، بەڵام لە ساڵی (1848) تاکو ئەمڕۆ هەمان دەستورە.

لەبەر لەیەکچوونی جیۆپۆلەتیکی کوردستان و سویسرا، ئەمڕۆ دەبینین هێژاوای کوردستانیش بە سوود وەرگرتن لە ئەزمونی سویسرا کار بۆ دامەزراندنی کانتۆن و حکومەتی خۆجێیی دەکات لەژێر دروشمی هێڵی سێیەم یان نەهجی سێیەم، لەکۆتایشدا کۆکردنەوەی هەموو ئەم کانتۆنانە لە هەرێمکدا کە بە سیستەمی سیاسی کۆمەڵەی نیشتیمانی بەڕێوە دەچێت.
لە هێژاوا چاك دەزانن کە تەنها دەستوری سویسرایە دەتوانێت سیستەمێکی ئارام بۆ ناوچەیەك دروستبکات کە فرە نەتەوە و فرە ئاین بێت و لەهەمانکاتدا سیستەمێك بێت کە هەرگیز ڕێگە نەدات زۆرینە حوکمی کەمینە بکات.
لە هەرێمی کوردستانی خۆشمان بەجۆبەجێکردنی ئەم سێ خاڵەی خوارەوە کە چاکسازیی بنەڕەتیی سیستەمی سیاسی لەخۆدەگرێت، دەتوانین ببین بە خاوەن سیستەمێکی سیاسی سەقامگیر کە لە داهاتودا نەك تەنها دەبێتە چەترێك بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵکو شارەکانی تری دەرەوەی هەرێمیش بەبێ ئەوەی سەربەخۆیی خۆیان لەدەست بدەن دەتوانن بێنە ژێر هەمان چەترەوە، وەك ئەوەی کە سویسرا لەماوەی (200) ساڵدا لە سێ کانتۆنەوە بوون بە 13 کانتۆن.

پێژەکە ئەم سێ خاڵە لەخۆدەگرێ

1. گۆڕینی سیستەمی سیاسی. 2. دابەشکردنی دەسەڵاتە ئیدارییەکان بەسەر ناوچەکاندا و دامەزراندنی کانتۆنەکان. 3. یاسای بڕیاردانی هەرێمی کوردستان.

1. گۆڕینی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان

لە جیهاندا چوار سیستەمی سیاسی کاریان پێدەکرێت:

1. سیستەمی سەرۆکایەتی وەك ئەمریکا. 2. سیستەمی پەرلەمانی وەك بەریتانیا . 3. سیستەمی تێکەڵ (سەرۆکایەتی\پەرلەمانی) وەك فەرەنسا. 4. سیستەمی حکومەتی کۆمەڵەی نیشتیمانی (حکومەتی پەرلەمان) وەك سویسرا.

بۆ ئەمە ئەوە ڕوونە کە هەرسێ سیستەمەکەی یەکەممان تاقیکردوە و نەگەیشتینە ئەنجام، وەك ئەوەی لە ساڵی (1991)ە کوردستان بە سیستەمێکی پەرلەمانی دەستی پێکرد و لەدوای شەڕی ناوخۆ و ڕوخاندنی

رژەمی بەعس ساڵی (2003)، یاسای سەرکایەتی بۆ بارزانی لەلایەن پارلەمانەوە پەسەند کرا، بۆئەوەی یاساکانی هەرێم دژوار نەبێ لەگەڵ دەستوری عێراقدا (سیستەمی حوکمڕانی عێراق پەرلەمانییە بە گوێرەی دەستور)، بەڵێ لە کوردستان جۆرێك لە سیستەمی تێکەڵ (سەرکایەتی\پەرلەمانی) بەڵێوە دەبرا، بەڵام لە 12.10.2015ەوە پاش ئەوەی پەرلەمان پەکخرا و مەسعود بارزانی بوو بە حاکمی سەرەکی کوردستان و سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان گۆڕا بۆ سیستەمی سەرکایەتی، تەنانەت پێش ریفراندۆمەکە بارزانی ئەنجومەنێکی شۆڕشگێڕانەی وەك بناغەی حوکمڕانێکی عەسکەریی دامەزراند.

ئێستا وەکو لێژیك تەنها سیستەمی چوارەممان لەبەردەم ماوە (سیستەمی حکومەتی کۆمەڵەی نیشتیمانییە)، ئەگەر بە پراکتیزەکردنی ئەم سیستەمە بتوانین هەموو شارەکانی کوردستان(تەنها سلێمانی و هەولێر و دهۆك نا، بەکو شارەکانی دیکەش وەك زاخۆ و ئانییە و هەڵەبجە و کۆیە.....هتد) دەسەڵاتە خۆجێیەکانیان بۆ زیادبکەین تا ئاستی پێکهێنانی (کانتۆن) ئەوە لەماوەیەکی کەمدا دەتوانین ببین بە خاوەنی هەرێمێکی سەقامگیر، کە هیچ حیزب و بنەماڵە یان خێزانێك ناتوانێت کۆنترۆڵی ئەم هەرێمە بگرێتە دەست.

1. حکومەتی کۆمەڵەی نیشتیمانی (حکومەتی پەرلەمان)

فەیلەسوفی بەناوبانگ جان جاك ڕوسۆ (Jean-Jacques 1778-1712 Rousseau) بە باوکی ڕاحی ئەم سیستەمە دادەنرێت بەو مانایەی کە (دەسەڵات دەبێ لەژێر دەستی ئەو کۆمەڵەیەدا بێت کە ئاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێررێت کە پێیدەڵێن کۆمەڵەی نیشتیمانی یان کۆمەڵەی گەل)، لەهەمانکاتدا پێیدەوترێ سیستەمی قەیران و دوای شۆڕشەکان (لەبەرئەوەی لەکاتی داووخان و قەیران و شۆڕشەکاندا پەنای بۆ دەبرێت)، ئەم سیستەمە بۆ یەکەمجار لە فەرەنسا لەدوای ناسەقامگیریی لەو وڵاتەدا جێبەجێکرا (لە 1792 تا 1795)، پاشان هەڵوەشایەوە و دواتر لە ساڵی 1848دا لە فەرەنسا و سویسرا لەدوای شەڕی ناوخۆی نێوان کاتۆلیك و پرۆتستاندا جێبەجێکرا، لە فەرەنسا لە ساڵی 1871دا کۆتای پێهێنرا بەڵام لە سویسرا تا ئەمڕۆش کاریپێدەکرێت.

حکومەتی کۆمەڵ بەو مانایە دێ، هەرسێ دەسەڵاتی (یاسادانان و جێبەجێکار و دادگا) لەژێر دەستی پەرلەماندا بێت و لەم حاڵەتەدا پارلەمان ئەنجومەنێك پێکدەهێنێت کە لە چەند کەسێك پێکهاتبێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت کە پێیان دەڵێن (ئەنجومەنی حکومەت)

و دادگایش سەربەخۆ نابێ، بەڵکو دادوەرەکانی دادگای باڵا لەلایەن پەرلەمانەوە دادەمەزرێن.
ئەنجومەنی حکومەت لەژێر چاودێری پارلەماندا کاروباری حکومەت دەباتەڕێوە و ئامۆژگاری و فەرمان لە پەرلەمانەوە وەردەگرێت، بەڵام نابێت ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لەهەمانکاتدا ئەندامی پارلەمانیش بن.
بڕیاری ناو ئەم ئەنجومەنە بە کۆی دەنگ دەبێت و هیچ کەسێك لەم ئەنجومەنە دەسەڵاتی لەوانی تر زیاتر نییە، سەرکایەتی ناو ئەم ئەنجومەنە هەرسالەی بەر کەسکیان دەکەوێت، جگەلەمەش هیچ کەسکیش ناتوانێت و بۆی نییە لە یەکجار زیاتر سەرکایەتی ئەنجومەنەکە بکات.
شایانی باسکردنە کە سەرکایەتی ناو ئەم ئەنجومەنە تەنها تەشریفاتی دەبێت و هیچ دەسەڵاتکی بە زیاد ناکات.
پارلەمان دەتوانێت ئەندامێك یان هەموو ئەنجومەنەکە بگۆڕێت، بەڵام ئەم ئەنجومەنە ناتوانێت پارلەمان سڕ بکات و داوای هەڵبژاردنی پێشوەخت بکا یان پرۆژە پێشکەش بە پەرلەمان بکات، بەڵکو کارەکانی تەنها جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پارلەمان و بەڕێوەبردنی وەزارەتەکان دەبێت.

لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر هەر ئەندامێکی ئەم ئەنجومەنە پرۆژەیەکی هەبێت ئەوە دەتوانێت لەڕێگەی ئەندامانی پارلەمانی حیزبەکەیەوە پێشکەش بە پارلەمانی بکات، لەم سیستەمەدا (حکومەتی پارلەمانی)، دەسەڵاتی لە دەستی پارلەماندا دەبێت.

چۆنێتی پێکهێنانی پەرلەمان

دەبێت پارلەمان دابەشبکرێتەسەر دوو ژوور بەناوی (ژووری ئەنجومەنی نوێنەران) و (ژووری ئەنجومەنی پیران).
ژووری ئەنجومەنی نوێنەران لەو ئەندامانە پێکدەهێنرێن کە ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن، هەروەك ژووری ئەنجومەنی پیرانیش لەو ئەندامانە پێکدەهێنرێن کە سەرۆك و جێگری سەرکی کانتۆنەکانن.
بڕیارەکانی ناو پارلەمان بە زۆرینەی دەنگی هەردوو ئەنجومەنەکە پەسەند دەکرێت، مەغزای دابەشکردنی پارلەمانیش بەسەر ئەم دوو ئەنجومەنەدا ئەوەیە کە کانتۆنە گەورەکانی وەك هەولێر و سلێمانی کە دەبنە خاوەنی زۆرترین ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، نەتوانن بەو زۆرینەیە مافی کانتۆنە بچوکەکانی وەك هەڵەبجە یان دهۆك بخۆن، چونکە لە ئەنجومەنی پیراندا هەموویان سەروو دوو ئەندامیان هەیە، بەمشێوەیەش یەکسان دەبن لە پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی یاساکان،

چونکه لەکۆتایدا هیچ یاسایەك ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەگەر بڕتوو لەهەردوو ئەنجومەنەکەدا بە زۆرینەی دەنگ تێنەپەڕێت.

چۆنێتی پێکهێنانی ئەنجومەنی حکومەت

جوانی ئەم سیستەمە لەوەدایە کە هیچ حیزب و کوتلە و لایەنێك یان نەتەوەیەك یان ئاینی زۆرینەی هەرێم ناتوانێت هەموو ئەندامەکانی ئەم ئەنجومەنە بخاتە ژێر فشارەکانی خۆیەوە، بەڵکو ئەندامانی ئەم ئەنجومەنە لە حزبە براوەکانی ناو پارلەمان پێکدێن و لەهەمانکاتدا لە نەتەوە سەرەکییەکانی وڵات (ئەگەر وڵاتەکە فرەنەتەوە بوو) و لە ئایین و مەزهەبە جیاوازەکان (ئەگەر وڵاتەکە فرە ئاینی یان فرە مەزهەب بوو).
بۆ نموونە لە سویسرا کە ئەنجومەنی حکومەت پێکهاتووە لە حەوت کەس، لەبەرئەوەی لەهەم وڵاتەدا فرە حیزبی و نەتەوەیی هەیە (ئەڵمانی\فەرەنسی\ ئیتاڵی) و فرە مەزهەبیش هەیە (کاتۆلیك\ پرۆتستانت) بۆیە هەرچەندە وەك یاسا نەنوسراوە بەڵام وەکو عورف دەبێ ئەم حەوت ئەندامەی ئەنجومەنی حوکم لە چوار حیزبە سەرەکییەکەی ناو پارلەمان هەڵبژێردرێن و دەبێت لە هەرسێ نەتەوەکەی تێدابێت، هەروەها دەبێت لەهەردوو مەزهەبی کاتۆلیك و پرۆتستانتی تێدابێت، واتە هەر دوو ئەندام لە حیزبەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و ئەندامێکیش لە حیزبی براوەی چوارەم.
بۆ هەرێمی کوردستانیش دەتوانرێت ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی حکومەت بەگوێرەی ژمارەی وەزارەتە سەرەکییەکان دانرێت و هەڵچاوی ژمارەی شارەکان و پارتە سەرەکییەکانی ناو پارلەمان بکات، بەڵام نابێت هەرگیز لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕێت.

2. حکومەتی خۆجێی (کانتۆن) بۆ هەموو شارەکانی هەرێمی کوردستان

بۆ چەسپاندنی سیستەمێکی تێکەڵ و دیموکراتی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا، دەبێت لەگەڵ گرێنی سیستەمی حکومڕانی بۆ سیستەمی سیاسی حکومەتی کۆمەڵ لەهەمانکاتدا دەبێت سیستەمی حکومەتی خۆجێیی بۆ شارە گەورەکانی کوردستان بچەسپێنین و چەند کانتۆنێك دروستبکەین.

کانتۆن ئەو یەکە ئیدارییەیە کە چەند شار و شارۆچکەیەك دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ ئیدارەی کانتۆنەکە دەبەن بەڕێوە، تەنها سیاسەتی دراو و سیاسەتی نگەوبان و سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی بەرگریی نەبێت کە ئەمانە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی دەبن.

بەڵام سیاسەتی ناوخۆی کانتۆن و سیاسەتی ئابووری و پەروەردە و ....هتد، دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو حکومەتە خۆجێییە کە کانتۆنەکان بەگوێرەی دەستورە خۆجێیەکانی خۆیان بۆ کانتۆنەکانیان پێکیدەهێنن.
لەم حاڵەتەدا ئەم دوو ئیداریەی کە پارتی و یەکێتی لە ساڵی (1996)ە پەیڕەوی دەکەن، دەتوانرێت بەشێوەیەکی شەرعی بکرێتە دوو کانتۆنی جیاواز یان زیاد لە دوو کانتۆن، چونکە ناتوانین ئەو ڕاستییە بشارینەوە کە دوو ئیدارەیی تەنها خەتای پارتی و یەکێتی نییە، بەکو هەوڵێر و سلێمانی و ناوچەی بادینان و ناوچەی هەورامان و گەرمیان، هیچ کام لەم ناوچانە نایانەوێت لەژێر دەسەڵاتی حوکمڕانی ناوچەیەکی تردا بن.

ئەم سەبجێکتەی مێژووی خۆی هەیە لە ناوچەکەدا، بۆیە ئێمە تەنها بەدەست دوو ئیدارەییەوە پەکمان نەخواردووە و نانێنین، بەکو لەلایەکیتریشەوە بەدەست ناوچەگیرییەکی مێژوویییەوە کە ڕێگرە لەبەردەم سیستەمێکی مەرکەزی کە پایتەختەکەی هەولێر بێت، لەم حاڵەتەشدا پێکهێنانی کانتۆن بۆ ناوچەی جیاوازەکانی کوردستان تاکە چارەسەرە بۆ دورخستنەوەی بەدکاریگەریی ناوچەگیریی.

3. بڵایەنی (الحیاد)

هەرێمی کوردستان ئارامی و ئاشتی بەخێیەوە نابینێت ئەگەر بڵایەنی هەرێمی کوردستان نەکرێت بە یاسا و جێبەجێ نەکرێت وەك پرەنسیپێك بۆ چۆنێتی ڕەفتارکردن لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانیی و تەواوی دنیادا.
واتە بۆئەوەی هەرێم لە ناکۆکی و شەڕی نەتەوایەتی نێوان (عەرەب\ تورك\ فارس) و ئایینی و مەزهەبی نێوان (ئیسلامی\ مەسیحی و شیعی\ سونی) و و نوودەوڵەتی (ئۆژئاوا\ ڕوسیا) بپارێزین، سەرەتا دەبێت بڵایەنی خۆمان ڕابگەیەنین.
ئەمەش بە دەرکردنی یاسای بڵایەنی هەرێمی کوردستان دەبێت کە ڕێگەنادات حکومەتی هەرێم ببێت بە تەرەفێك لە هەر ناکۆکییەك لە ناوچەکەدا و لەهەمانکاتدا ناشهێڵێت هیچ گروپ یان پارتێك لە هەرێم لایەنگری وڵاتانی دراوسێ و زلهێزەکان بێت، یان لایەنگری گروپە میلیشیاکان بێت کە شەڕی مەزهەبی یان ڕەیسیستی یان ئایینی دەکەن.
هەروەها پێویستە لەو یاسایەدا سزای هەڕەشانەوە و دادگایی دیاریبکرێت بۆ حکومەت و کانتۆن و پارت و گروپە جۆراوجۆرەکان لەحاڵەتێکدا ئەگەر بڵایەنی خۆیان لەدەستدا.

نمونەی دەوڵەتێکی بڵان کە 500 ساڵە بڵایەنی خۆی ڕاگەیاندووە و تاوەکو ئەمڕۆ بە ئاشتی و ئارامی لەنێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی

دنیادا دەژی، سویسرایە.

سویسرا دەوڵەتێکی بچوکە لەناوان چوار دەوڵەتی زلهێزی وەك (فەرەنسا\ ئیتالیا\ نەمسا\ ئەڵمانیا)دا، بۆیە دەیزانی ئەگەر بۆتو ببێت بە لایەنگریی هەریەك لەم دەوڵەتانەڕ زیانمەن دەبێت و ناتوانێت سەقامگیربێت، هەربۆیە لە ساڵی (1515)ەوەڕ بڕیاریدا خۆی ڕاگەیاند و تاوەکو ئەمڕۆ نەچووەتە بەرەی هیچ لایەنێك، جگەلەوەش نەلە شەڕەکانی ناپلیۆن و نە لەجەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا و نە لەجەنگی ساردی نێوان ڕۆژئاوا و سۆڤییەتدا بەشداری نەکردووە، بۆیە نەك پێنج سەدەیە سەقامگیرە و داگیرنەکراوە و دابەشنەکراوە، بەکو بووەتە سەنتەری دانوسان و ئاشتەوایی لەنێوان نەتەوە زلهێزەکاندا. شایەنی باسە بڕیاریدانی و سەقامگیریی ئەم وڵاتە بووەتە مایەی بوژانەوەی ئابووری و جێی متمانەی سەرمایەداران.

دەوڵەتە زلهێزەکان و ئیمپراتۆرەکان هەمیشە هەوڵیانداوە کە لە نێوانیاندا دەوڵەتێکی بچوك و بڕلایەن دروستبکەن، تاوەکو خۆیان بپارێزن لە شەڕێك کە دەزانن قورسە سەرکەوتن تیایدا، نموونەی لەمجۆرە دەوڵەتانە ئەفغانستان و مەقدۆنیایە.
سویسراش هەمیشە ئەو سنورە ئارامە بووە کە نە فەرەنسییەکان یان ئەڵمان یان نەمسا و ئیتالیا نەیانویستووە لەنێوان خۆیاندا تێکیبدەن.
کوردستانیش کاتێ بڕلایەنی خۆی ڕاگەیەنێت، ئەوە دەبێتە ئەو هەرەمە بچوکەی کە نە تورکیا و نە ئێران هەرشناکەنە سەری و وەك سنورێکی ئارامی نێوان دونیای شیعە و دونیا سونە تەماشادەکرێت، لەسەروو ئەوەشەوە و دوردەکەوینەوە لە دەستوەردانی ئەمریکا و ڕوسیاش و لە کۆتاییدا دەبێتە ئارامگەی سەرمایەدارانی ناوچەکە و بوژانەوەی سەرچاوە ئابوورییەکان.

کورتەیەك

لەهەرێمێکدا ناوچەگەرایی هەگی داکوتابێت و دوو حیزبی خاوەن هێزی چەکدار بۆ ماوەی بیست و شەش ساڵ سنوریان لەنێواندا دانابێت و هیچ مۆژوو و ئەرشیفێکیش لە حکومڕانی سەبەخۆ نەبێ و فرە نەتەوەیی و ئاینیی و فرە مەزهەب و زمانیش لە هەرێمەکەتدا بوونی هەبێت، چۆن دەکرێت بتوانین ببین بە خاوەنی هەرێمێکی سەقامگیر و سەرکەوتوو؟

سیستەمی حکومەتی پارلەمانی سیستەمی ڕزگاربوونە لەکاتی قەیران و داوخان و شکستی حوکمڕانیدا، بۆیە فەرەنسا ئەوکاتانەی کە قەیرانی

گەورە ووی لە سیستەمی حوکمانییەکەی کردبێت، پەنای بۆ ئەم سیستەمە بردووە.
تورکیا و ئەتاتورکیش لە ساڵی (1924)دا بەهەمانشێوە پەنایان بۆ ئەم سیستەمە بردووە، بۆئەوەی بتوانێت لەدوای داوخانی دەوڵەتی عوسمانی لەجەنگی جیهانی یەکەمدا دەوڵەت و سیستەمێکی سەقامگیر دروستبکەن، بەڵام لەگەڵ کات و سروشتی ئەم دەوڵەتانەدا لەگەڵتایبدا ئەم سیستەمە کاڵبووەتەوە یان لابراوە ، چونکە وەك پێشتر ئاماژەم پێدا پتر سیستەمێکی فریادڕەسە لەکاتی قەیرانەکاندا، بەڵام ئەمەی وایکردووە کە لە سویسرا بەردەوامیی پێبدرێت ئەوەیە کە سویسرا پێکهاتووە لە (٢٦) کانتۆنی سەربەخۆ و جگە لەمجۆرە سیستەمە سیاسییەڵ هیچ سیستەمێکی سیاسی ناتوانێت یەکسانییەکی ڕاستەقینە لەنێوان ئەم کانتۆنانە دروستبکات کە هەندێکیان بچوکن و لەژێر هیچ سیستەمێکی تردا مافەکانیان پارێزراو نابێت.

ئێمەی کوردیش هەر لە مێژوودا هەرگیز خاوەنی حکومەتێکی مەرکەزی نەبوین، بەڵکو خاوەنی کۆمەڵێك ئیماراتی سەربەخۆ بووین، ئێستەش هەر ناوچەیەك لە کوردستان جیاواز لە ناوچەکانی تر دەیەوێت حکومڕانێتی خۆی بکات.
دوو ئیدارەیی و ناوچەگەرایی و تایبەتمەندێتی شار و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان، بەنموونە شەنگال و کەرکوك ئەوەمان پێدەڵێت کە لەپاڵ سیستەمی حکومەتی پارلەمانی دەبێت دەسەڵاتی بەڵێوەبەردنی ئیداری شارە جیاوازەکانیش بکرێتە حکومڕانی خۆی یاخود کانتۆن، بەمشێوازەڵ نەك تەنها حکومڕانییەکی سەنتەری تاکە کەس یان تاکە پارتێك ناهەڵبژێن، بەڵکو دەسەڵاتی مەرکەزیش کاڵدەکەینەوە و هەر هاوڵاتییەك لە ناوچەکەی خۆیدا پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە حکومەتە خۆجێکانەوە دەبێت و هەروەها هەر حکومەتێکی خۆجێیی بە ئازادی خزمەتی ناوچەکەی خۆی دەکات.
لەم حاڵەتەشدا جۆرێك لە کێبەرکێ لەنێوان کانتۆنەکاندا دروست دەبێت بەوەی کام ناوچە دەتوانێت زیاتر خزمەتی هاوڵاتیانی خۆی بکات، لە کۆتایشدا ئەم کێبەرکێیەڵ دەبێتە مایەی بوژانەوەی ئابووری و سیاسیی و سەقامگیریی سیاسی هەرێمی کوردستان.

تەواوکەری چاکسازییەکانی کوردسان بە یاسای بڵایەنی حکومەت و پارتەکان کامڵ دەبێت، چونکە بەدرۆژایی ئەزموونی حکومڕانی پارتەکانی ئەم هەرێمە هەمیشە دەستێوەردانی دەرەکی بووەتە هۆکاری شەڕی ناوخۆ و جارەها ناکۆکی تر، کوردستانیش تاوەکو ئەمڕۆ لەژێر هەحمەتی تێپبارانی سنورەکانیدایە و وڵاتانی وەك ئێران و تورکیا و

سعودیە و ئەمریکا و ڕوسیا و تەنانەت حکومەتی ناوەندی عێراقیش لە بەغدا، بە گومانەوە دەڕوانێنە هەڕەمی کوردستان و لەو هەوڵەدان کە حکومەتی هەرێم و گروپ و پارتە دەسەڵاتدارەکان بخەنە ژێر کۆنتڕۆڵ و ئەجێندای خۆیان و دژ بە نەیارانیان بەکاری بهێنن، بۆیە زۆرجار دەبینین کوردستان دەبێتە مەیدانی یەکلاییکەرەوەی شەڕەکانیان.

تەنها بە پراکتیزەکردنی پرەنسیپی بێلایەنی حکومەت و پارتە سیاسییەکان، کوردستان دەگەیەنێتە ئەو ئارامگایەی کە هیچکام لە وڵاتە زلهێزەکان لێی نەترسن، بەمجۆرەش دەتوانین ئەم هەڕەمە بچوکە سەرکەوتووە دروستکەین لەنێوان کەمەڵك دەوڵەتی ناکۆکی وەك: (سعودیا\ ئێران\ عێراق\ تورکیا\ سوریا)، وەك ئەوەی کە سویسرا دروستیکرد لەنێوان کەمەڵك دەوڵەتی ناکۆکی وەك: (ئەڵمانیا\ ئیتاڵیا\ نەمسا\ فەرەنسا)دا.

بەلەیەکچوونی جێپەڵەتیکی کوردستان و سویسرا، دەتوانین پەیەوی ئەو دەستورەی ئەوان بکەین کە ئەوانی کردووە بە نمونەی دەوڵەتکی کۆنفیدراڵی سەرکەوتوو، ئەمەش دژئاوا دەبینین لەسەر هەمان ڕێچکە ناوچەکانی خۆیان دەبەنەوە لەژێر دروشمی مەنهەجی سێیەم (واتە نە مەنهەجی دیکتاتۆری و نە مەنهەجی ئیسلامی سیاسی)، ئەمەیش دەتوانین ئەم مەنهەجە لەژێر دروشمی چاکسازی بنەڕەتی لە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستاندا پەیەو بکەین.

29.01.2018

عەفرین لەژێر هێرشی شمشێری سوڵتانی زەردا... گۆشتیار مەحمود

نەتەوەی کورد لەهەرپارچەیەکی خاکی داگیرکراودا، بەدرێژای مێژوو نەیارانی زەردار بەپاساوی جۆراوجۆر لەسەربنەمای مەزهەبی شیعی و سوننەگەرای و نەریتی خێڵەکی و عەشیرەتگەرای نەتەوەی کوردیان بەشبەشکردوە و شوناسی نەتەوەخوازی لای تاکی کورد کاکڕاوتەوە

تاوکو بورکانی پەنگخواردوی هەستی ناسیونالیزم ونەتەوەپەروری کورد دیوار وبەربەستی کپکراوی شەقبردوو و نەیاران هەرگیز نەیانتوانیوە پشکی ئاگردانی شەشکانی ئەم گەلەستەمدیدەیە دابمرکێننەوە. بەداخەوە، هەرکاتێک ئازایەتی و نەبەزی کورد شکێنەری کەت وزنجیری ژێردەستەیی و زەرداری بووبێت دوژمنانی کورد لە نیشتیمانی ئەم نەتەوەیدا تەی خونەژی و دوبەرەکیان لەناو کوردا چاندوو ناهەشیاری و ساویلکەی کورد وایکرد نەوەدوای نەوە بەمیراتی تەکەزقژان و یەکترلەناوبردن ویەکترقەکردن بەری چنراوی نەیاری باوانیان زیندووبکەنەوە. لەهەمان کاتیشدا دوژمنانی کورد بە گیانی وەحشگەی تەنویەتیان بەمژینی خوێنی ئەم نەتەوە بەدبەختە شکاندوە و زەر جار بەبەرچاوی هەموو دونیا مەژووی نامرۆقایەتی دژبەکورد گەیشتەتە لوتکەی ناشرینی و پیسی ودڕندەکاری ئێستاش ئەم زەکاوە هەرلەی ئەچەک و هەر لەپەرسەندن دایە.

لەم سەردەمدا، ئەوەی بەئاشکرا دژ بە عەفرین دەکرێت مشتکە لەخەرمانی جینگێستانی نامرۆقایەتی دوژمنانی کورد کە سەدە دوای سەدە لەزەماوەندی دەستگرتنەشانی تورک و عەرەب و فارس وئەنە تاوانکاریەکنیان دوبارەدادەژنەوە. لەهەموو لایەکەوە گورگە دەمبەخوێنەکان جارێک لەژێرناوی رزگخراوی تیرۆرستی داعش و جارێک لەژێرناوی پاکتاوی تیرۆر و ئاسایشی نەتەوەی تورک پەلاماری عەفرین دەدرێت و لەناوچاڵی تاریکی بێکەسی دا منا و دایک و پیروپەکەوتەی بەتاوانی کورد زیندەبچاڵ دەکرێن و ژیانیان لەدەستەندرێتەوە. ئەوانەش لەرووی ئاینی و یاسای و سیاسی یەوە کەوایەتیان بەم پەلامارە وەحشیەتگەیەدا بەتاهەتیەی بەرنەفرەتی مەژوو کەوتوون. ئەوەی جێگای تەئامان و ووردبوونەوەیە لەم پلانداڕشژاوەدا کەپەویستە شیکردنەوە و وردبینی بە لەکدانەوەی نیازی سوڵتەی میلیتاریزمی سوڵتانی زەردار(ئەردەغان)بکرێت، بەخوێندنەوەیەکی ئاستەقینەی ئەم سێ هەنگاوە کەکە هاوبەشە (ئاینی ، یاسای، سیاسی) دەتوانرێت نهێنی پشت ئەم ڕوداوەجەرگبڕە بخرێتەروو کە ئەمانەن:

١ــ هەندی کەکەی ئاینی:

یەکێک لەسەر مەشق و هەڵکاریگەرەکانی جیهادکردنی ئەم پلانە کوردکوژیە، کەلکەی فەتوایەتی و شەریعەتپەدانی دەوڵەتی تورکیا بە پەلاماری سەر شاری عەفرین کەدەنگی شەقامی سوننەگەایی یە تاوکو لەڕووی ئاینیەوە پیلانکەی بیخاتە چوارچێوەیکی شەرعی و بەحوکمی ئەوەی هەشبەرەکە لەجیهانی ئیسلامی ڕوبەڕوی هەڵوەشانەوەبێتەوە و

پشگیروپاپشتبکرەت لەوەی کەشتنی خوێنی کوردەکانی ءەفرین حەساە ئەویش بانگەوازی یەکبە (فەتح) کردن.

بەئێم مەبەستە، ءەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتیی یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسڵمان لە ئاژانسی هەواڵی ئەنادۆل ووتی (“پشتگیری دەکەین لە تورکیا بە پاراستنی سنوورەکان و گەلی خۆی لەهەر شەرعییەو”). واتە بەوماناییەی تورکیا مافی خۆیەتی سنوورەکانی بپارێزێت. هەڵبژاردنی کوردێک بەئابڕایەتی و پەدانی نازناوی ئەمینداریەتی و کەکردنەوەی جیهانێک لەزاناو ویژدانپەروەرانی خودا تەنها بەدەمکوتکردنی موسوڵمانانی جیهانە کە ئەو سنورەی تورکی چەپەڵ پارێزگاری لەدەکات سنورێکی دەستکرد نیە! ئەوگەلەی لەهەردوو دیووی سنورەکەن گەلی هاوردەن و لەقەومان و دەسەڵاتی تورکیای وەحشەتگەەی پارێزەریانە! بەگومان تورک لەهەردوو دیوی سنورەکە بەگانەیە ئەوسنورەش کەجەستەی یەک نیشتمانی لەتکردوە یەک گەلی لەسەر دەژیت کەگەلی کوردە وتاکەمەترسی لەسەر ژیان و خەبژەوی گەلی کورد تەنها کەبەی ژەهراوی لغاجەی تورکە کەچەنوکی لەخاکی پەبەرەکەتی کوردگیرکردوە و چاوی تەماحی بەیوتە سامانی نیشتیمانەکی زوەملەکراو.

ئەم ەوداوانە هەمیشە ەووی ەاستەقینەی هەزو لایەنەکان دەردەخات کە دابەشدەبن بەسەر بەرەی پاپشتی هەزی زەرداری یان پشتیوانی گەلی چەوساوە، کورد وەک گەلەکی ستەملەکراو نەک تەنها قوربانی شمشێری دەستی بەگانە بووە بەکو گەردەنی گەلی کورد لەژێە ەەحمی چەقەی دەستەکی کورد زەرجارە (بِسْمِ اللهِ) ی لەکراوە و خوێنی حەەالکراوە و بە سەربرین وبلیتی چونەبەهەشتەک لەبازاری بازرگانیکردن بەمەرەف بەتەقوربانی. ئەگەر سەردەمی پەلاماری دەندەکانی تاریکپەرستی داعش بە سەر کورد سەردەمی پاساوبەدەستی یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسڵمان بووبە کە داعش لەژێر سێبەری دوژمنانی ئیسلام کاردەکات و بەیە ووتەی ئەمینداریەکی یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسڵمان هیچ کاریگەری نابێت چونکە ئەوان لە پەیەەوی شەریعەتی ئیسلام لایانداوە و بەیە نەتواندرا ەشتنی خوێنی کورد حەرامبکرێت. ئەوا ئەمەە بەەەژی ەوناک فەەکەی جەنگی، فەەکەی بەفەەکەوان، تانک، تەپ و هاوەن ودەبابە ی تورکی پەلامری ءەفرینی دا، تە بەە ی ئەمینداریەکوردەکە چەند لە ژمارەی خەڵکانی کەمیدەکردەوە ئەگەر بەتوندی ئیدانەی ئەم هەەشە دەندەکاریەیی شەرمەزارکردبوایە؟!

دیسان بەداخەوە، دەستەکی شەرمەزاری شکاوی کورد بەرنەفرەتی مەژوو

کەوت ئەگەر لەزووترین کات دەستکانی بۆ ئاسمان بەرزنەکاتەوە و تۆبەی وەهمی قەرەداغی لەقراغ کورسی سوتەی سوتانی زەردار باوەشێنەی بەردەوامی مانەوەی سەرتاقیکاری حەماکردنی گەشتوخوێنی ژن ومنداڵ و دایک وهاوڵاتی بتاوان. بۆیە با هەرلەوگەڵین ئێندام پەڵەمانێکی تورکمان لەناوجەرگەی کوردستانی باشور پشگیری پەلامارەدەندکاریکەی کرد، و لەولاشەوە لەناو وڵاتی تورکیا دوژمن بەهاینی گەشت وخوێنی کورد نزیک لە نیوەد هەزار ووتارخوێنی مزگەوتکان پشتاستی ووتکانی ئەمیندارکوردکەیان کردوو لەسەرانسەری شارکان بە خوێندنی سورەتی (الفتح) بانگەوازی هەڵکردنی ئاڵای داگیرکاری بەسەر شاری عەفرینیان جاردا و هاوڵاتی بتاوان لەخاکەپڕبرینکەیدا خەڵتانی خوێنکرا. پاشان بۆئامادەبوونی ئەردۆغان لەیەکەم پرسەی ماتەمینی سەربازکوردکوژکان ئایاتی قورئانی بەسەردا خوێندنەوە وەک ئاوەی لەپێناو ئیسلام لەجەنگی جولەکە و ڕزگارکردنی قودسی فەلەستین بەوانامەی شەهادەت هەڵبواسی بەسەرتابوتی تەرمی سەربازکانی!

لەبەشکی تری ووتکانی عەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتیی یەکێتیی جیهانیی زانایانی موسوڵمان ڕاشیگەیاندوە ("بە هەموو توانایەکمەوە دژی پرۆژەی ئەمریکی – سەهیۆنی دەوستەمەوە کە خوازیارن تاوی خراپەکاری و فیتنە لەناوان مسوڵمانداندا بچێنن"). سەرەڕای ئاوەی ئەم ناودارە لەجیهانی ئیسلامی یەکەم هەنگاو دژی سازدانی ئەم کوشتارگەیە نەوستاو پەیامێکی خاڵی لەبەهاکانی ژیاندستی بەسەر ئەم مەملەکەتە خۆدە و گەردنی ئەم گەلە چەوسایەوەی خستە ژێر هەڕحمی شمشێری دەستی ئەردۆغان.

لەهەنگاوی دووەم پاساو بیانوی دایە دەست تورکیا بەپێیەوکردنی ئەم هەڕەشە وەحشتگەریە تاوکو موسلمانان دژی ئەم هەڕەشە نەژێنە سەر شەقام، و سەرنج و چاوی جیهان لابدرێت لەسەر سنوری دەستکرد و گەلیەشکراو و بێشخوراو. لەهەنگاوی سێ یەم و کۆتای دا بوونی کاریگەری پگەیی خۆی وەک حاکمی بۆتاکردنەوەی سیحری فیتنە و پوچەڵکردنەوەی پیلانی ئەمریکی_سەهیۆنی بۆیانکرد، وەک ئاوەی ئەم ئەمینداڕە وەک پارێزەری سەندنەوەی مافی موسوڵمان لەفەڵەستین دژی پەڕژەی ناساندنی قودس بەپایتەختی وڵاتی یەهودیەکان و ئیسرائیل لەجەنگدابێت و تورکیا فریاد ڕەسکەی قودس و گەورزلهێزی ناتە لەرزی هەنابێتە عەرشی ئیسرایل و لەگەڵ زەوی تەفروتونای کردبێت؟! ئاوها حەماس لەووتکانی بەدیدکرێت. بەڵام هزری خەڵافاوی و قورمیشکراوی خوێندنەوەی ڕاستقینەی پشت پەردەی ووتکان دڕیدەخات

ئاگر نیتی بۆتاکردنەوەی سیحری فیتنەبێت و وەک خەمخۆر پڕشی ناوبانگی ئایینی ئیسلامبێت با بفڕموو بۆ مزگەوتی سپی و وبجوبۆ وعەبای ئاشتی و بدەستی بدەستنوێژ و وبیژدانەنوستوەکەی لەخۆوەلسێنێ و لەناو جەرگەی شاری عەفرین ڕاپەوان بکات و سینگی بخاتە بەردەم لولەی دەبابە وتەپی تورک تاوەکو بەهەموو دونیا بکردار ڕونبێتەوە ئەو لایەنە کە یە کە خوازیارن تەوی خراپەکاری و فیتنە لەنێوان مسوماناندا ئەچێنن؟!

بەڵام ووی ڕودەری ڕوداوەکان ئاشکرایدەکان ئاگەر ئەم ڕاژگارە ڕاژگاری زیندەبچاکردنی ئازادی گەلی ژێردەستەکان بێت بەڵام لەهەمان کاتدا ڕاژگاری کەتایەهێنانی ئامرازی چەواشەکاری و خەڵەفاوی و ناهەشیاری گەلەچەوساوەو بەشخوراو مافخوراوەکانیشە. بەیە ئەوانەی نیازیان وایە لەژێر زەبروزەنگ هەوێنی برایەتی ئایینی و ئاشتی و پێکەوژیانی (کورد و تورک، کوردوعەرەب، کوردوفارس) بچارسەربزانن تاتەمانی ئەم ژێردەستەیە درێژبکەنەوە و بەیانوی ئەوەی ("ئیسلام دژی تیرەر و بەدینینە جا لە هەر قەومێک بێت").

ئەمە وەکو ئەوە وایە مشتێک تاریکی بە ناو قەوارەی تاریکستانێک بڕپاو بڕبڕاو بکەی؟! لەکاتێکدا ئەهلی قەوارەکە هەمیشە دوعاخوێنی ئاسەی روناکی و تروسکایی هیوابن، و نوژکەری ڕزگاربوون لەتاریکی داگیرکراوی و ئومێدی سڕبڕخەی بن. چونکە وەڵامی هەز بەهەز و عەقل بعەقل دەدرێتەوە، کورد وەک نەتەوەیەکی زرینە موسەمان چەندچاوی لەئازادی و سەربڕخەیی یە هەندەش باوەشی کراوەبوو بە ئاینێک کەدژی ئەم زوەمبوەستێتەوە، ئەوانەش بەهەرمبەستێک ئاین بکاردەهێنن بنیازگاوەکانیان ئەوا دووجار ڕوویان ڕەشدەبێت لەبەردەم نەتەوەو لەبەرامبەر ئەو خودایەی کە ئەم نەتەوەیەی بە کورد ئافراندوەو زمان و خاک و نیشتمان پێسپاردوون.

۲ـ ڕەهەندی کەکەی یاسای:

تورکیا تا فریوی کەمەگای نوودوەتی بدات بپاساوی ئەوەی هەڕکوردیکانی خەبڕوبڕی کانتانی عەفرین لە کوردستانی ڕاژئاوادا پکهاتەی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگ) و پارتی یەکێتی دیموکرات (پەیدە) بسەبەری سیاسەتی (پەکەکە) و لقێک لەدرەختی ئایدەلەژیایی ئاپۆچتی بگوە ی دونیا چرپاندوە و لەژێر ناوی تیرەر بڕگی یاسای کردونەتەبەر. چونکە ترسی پڕرسەندن و بەهەزبوونی یەپەگ وپەیدە پۆچکردنیان بەهاوکارو هاوپەیمانی ئەمریکا تەواو تورکیای هەراسانکردوە بەڵام ئەوەی ئێستا تورکیا

کاری بەدکات شتێکی کتوپڕنەبوون و لەئاست کاردانەوەی تورکیا چاوەڕوانکراوبوون. دەسەڵاتی فاشیزمی تورک لەم ڕۆژگارەوە گوشاری کردۆتە سەر کەمەڵگای نەودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووکان بەمەبەستی پاکتاوی تیرۆر بەهۆشەوە بەربەریەکەی گەماڕۆی عەفرینی دا گوایە یەپەگە و پەیدە جڤگای مەترسین بەسەر ئاسایشی نەتەوەی تورک.

دوژمنانی کورد بەیاسای دارستانی دڕندەکان هەمیشە بە پاروانەک گورگەکانی سیاسەتی گەپانی کوردیان چاوبەستکردوو و پێنگەئازاکانی نیشتیمانی کوردیان لەکونجی زیندانەکان ئۆشکەنجەداوە یەخسیریانکردووون و بە پەتی سەدارە و پاوانی هەوای ئازادی نیشتیمانی کوردی و هاواری هەناسەکانی سەربەخۆی شەهقان و پەشمەرگەو گەریلاکانی پە خنکاندووون! دادوەری ئەم مەهزەلە یاسایی یە دیسان بەفیتی قەڵەشی بەدفەکوردیەکان ئەنجامدراوە بەدمامکی ناسیونالیزم و نەتەوەخوازی حیزبی کوردی ئەم ئافاتی لەکەوتەوە کە ئێستا دەبینین بەپاساوی پاکتاوی تیرۆر تورکیا ئەم هەشدەندەکاریی بەرپاکرد.

چونکە ئۆپلانە نووستۆی تورکیا بەپشگیری هەندەک لەحیزبەکوردیەکانی باشور توانی ئەم بەمبە چێنراوە بەرگی یاسای نەودەوڵەتی بکاتەبەر و هێوتی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی نەتەوەیی لەژێرناوی پارتی کرێکارانی کوردستان بەڕابەرایەتی عبدالڵە ئۆجەلان بخاتە لیستی تیرۆر. بەداخەوە لەماوەی حوکمڕانی چارگەسەدیەک لە دەسەڵاتی کوردی، کوردستانی باشور لەجیاتی ئاوەی کاربەئاوەبکەن ئەم بەمبەچێنراوەی تورکیا پوچەڵبکەنەوەو کار بە ئازادکردنی پێنگی ناوزیندان بکەن بەکو کەوتنە گیانی یەکترو بە فرەکەی جەنگی تورکی و تەپ وتەیارە و دەبابەی تورک یەکتریان قەکرد. چاڵی لەگەڵنانی خەونی سەربەخۆی کوردیان قوڵترکرد و بەهەموو دونیایان سەلماند کە ئەقڵی خەبەرەوبڕی و خەبڕەوی لەکەڵەی سیاسەتی کورد پوکاوەتەوە!

چونکە نەیارانی کورد لەهەرسەردەمەک و زەمەنێکدابن، هەمیشە بەپلانی تەکەمە پەوبالی هەڵکانی کوردیان دەرکەشاوە و پێنگەکانیان قەبەستکردون و هەرکاتەکیش دەستیان هەڵبەیو دەستەکی نوستووی دوژمن بەپەکی ژەهری خەکوژی دەرخواردراوە، و بریاربەدەستە سیاسیەکوردەکان لەهەرهەنگاوەکی سەرخەی نزیکبوبتنەوە تەیەک قاچی شکاندوون و لەولاشەوە هەستی برایەتی کوردی لەبری دەستگرتن و دەربازکردن بەخەونکانەوە بە هەنگاوە هەڵگەڕاوەکانەوە براونەتەبەر پەتی سەدارە. هەروەها وەک ئاشکرایە چاوساغیکردن

بەدوژمن و مێگۆ بارگای تورکی لەخاکی کوردستانی باشور سەلمێنەری ئەواستیان کە ململانێی ناوخۆیی و کورتبینی و بەرژەوەندی حیزبی چەندە دەزی ڕەوای کوردی دوچاری چ شکستێکی لەژیکی و مەیدانی کردۆتەوە، کە زەرجار شکستکان هێندە ترسناک بوونە تاگەیشتۆتە لوتکەی زیانگەیاندن بە دەستکەوتکان و هەرسهێنانیان بەمەش گەلی ڕەشوەوت تەمەنی لەژەردەستەی و چەوساوەی درێژترکردۆتەوە.

بەدەربازبوون لە لاوازی و بەدەستهێاتی و شکستی سیاسەتی کورد لەسەرئاستی ناوەوە ودەرەوە پەویستە لەژەرناوی چەتری نەتەوەی ڕەوتەرزگاری خوازکانی هەزو لایەنە کوردیکانی هەرچوارپارچەی کوردستان یەک ئاراستەی سیاسەتی ناوچەیی و نەودەوڵەتی بگرنەبەر و پەیڕەوی لە بکەن و بەیەک گورزە مەرگ بە پیلانکانی دوژمن بڵنن. دەست لەناودەست یەک ێیزو یەک دەنگ و یەک هەڵوەستبن و کاربکەن بە ئازادکردنی ڕەبەری نەتەوەی (عبدالله ئۆجەلان) بەمەش تورکیا لەمەرگ نزیک دەبەتەوە. چونکە تاکە هێز بتوانێت بومەلەرزەیەک لەعەرشی دەسەاتکەی سوڵتانی ستەمکار بدات تەنها پەینگەکەی زیندانە. بەداخەوە ئەوانەی واهەستدەکەن کوردپشتوپەنای نیە ئەوا پەویستە جارێکی تر مێژوو بخوێننەوە کە هەموو ئەو گەلانەی ئەستا خاوەن ئاەاو نیشتیمانن قارەمانکانیان هیچ کات بەئەگەری توشهاتی خەخەری نەکەوتونەتە کونجی تاریکی زیندان. چونکە لەناو هەرنەتەوەیەک ئەوانەی پەگەیەکی بەرزی ئاینی یان دەوەتداری لەهەرولاتێکی دونیایان هەبووایە ئەوە بوونەتە هەمای تروسکەی هیوای تاریکبەزەنی و بەختی نەتەوەکەیان نەک داردەستی جەبەجەکاری پلانگلاوەکانی دووژمن. کەچی بەپەچەوانەوە لەناوکوردا ئەوانەی لەپلەوپایەی بەرزدان بە بەرژەواندی تایبەتی خیان قورمیشکراو خەلەفاون هەشتا لە سەردەمی خەلگەەای و بنەماەیی و ساەانی ناهەشیاری دەژین، بەیە هەمیشە نەتەوەی کورد بەتە خەراکی گورگەدەمبەخوێنەکانی سیاسەت.

لەهەمانکاتدا، ئایا کەمەگای نەودەوڵەتی لەئاست دەسەاتی عەقلیەتی تەتالیتاری تورکی فا شیست دەتوانێ خەی دەربازبکات لەبەرپرسیاریەتی ەوودانی کارساتی مرۆیی کە ەوبەوی عەفرین کراوەتەوە. ئەوا عەفرین وەک قەا لەسەر ئاستی جیهان بەخەراگری دەمێنەتەوە و بەرخودانی عەفرین بە گوشاری ەوەندی کوردی لەسەرانسەری جیهان جارێکی تر بەدەنگی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان و دونیای ەوژاواو دیموکراتی و مافی مرۆف شەرمەزاردەکات.

٣ـ هەندی کێشەی سیاسی:

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی گەلی ستەمدیدەی کورد تا وەڵامێک وەرگرینەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە چی بەرژەوەندی نێیرانی کورد (تورکیا،سوریا،ئیران،عیراق) کەکردەتەوە کەئەویش بریتیە لە بەشبەشکردنی خاکوبەری کوردستانی گەورە، وەک کێکی سەرمەزی نەتەوەی تورک و عەرەب و فارس جەستەی ئەم نیشتمانێیان هەدیوە، ئەستاشی لەگەدابە کورد بەتە قوربانی هێکۆتنامەی نەوان نێیارەکانی. ناشاردرێتەوە، هەوداوەکانی چەندسالەی ئابردوو دەریخست گەشەکردنی کورد لەهەرپارچەیەکی کوردستان ئاستەوخە کاریگەری لەسەر پاچەکانی تر دەبێت، وە سیستەمی خەبەرەوبەری و خەبژەوی ئەگەر لەهەر پارچەیەک سەربگرێت ئەوا ئاستەوخە سەردەکێشە بە سەربەخۆی بگومان ئەمەش بەرژەوەندی دوژمنانی کورد دەخاتە مەترسیەوە.

ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ لە سوریا و کوردستانی ڕۆژئاوا هەمان نموونەی دکتاتەرێ ملهوڕەکانی دونێکەن کە ئەمڕۆ دابەش بوونە بەسەر هێزولایەنە کارتێکراوەکانی گەرپانی ململانێی سیاسی کەپێکاتەی ئەم هێزکاریگەرکانەش بریتیە لە پاڵپشتی ئەمریکا بە بەرەی کوردەکان وهاوپەیمانان، پاڵپشتی تورکیا بەبەرەی تورکمانەکان وسوپای ئازاد و بەرەی نوسرە، پاڵپشتی ڕوسیا کە سەبەری هێزی ئێرانی و حیزبوڵا یە لەسوریا. بەیە پشتیوانانی هێزکاریگەرکان بەبەرژەوەندی تایبەت وئاتانی تورکیا و ڕوسیا وسوریای پێکەوڵکاندوە. نوێترین هەواڵ کەلە ئاژانسی ڕۆیتەرز باوکراوەتەوە، ڕێکەوتنی نهێنی نێوان تورکیا و ڕوسیا وسوریا ئاشکراکراوە ، سەرچاوەی هەواڵەکە پشتڕاستکراوەتەوە بە سوێبونی تورکیا بە داگیرکردنی شاری عەفرین لەلایەن تورکیا و ئەماژەکراوە لەزاری ئەردۆغانەوە ئەپڕاسیۆنە داگیرکاریەکەی بەردەوام دەبێت و ئەگەری پاشگەزبونەوەشی تێدانیە.

تورکیای فاشیست تاوەکو بتوانێ پێگە و دەستکەوتەکانی هێزکوردیەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا لە سوریا بپوکێنێتەوە و بسڕێتەوە و مەترسی بەهێزبوونی ئەزمونی کورد لەڕۆژئاوا پەلنەهاوێژێتە کوردستانی باکور، لەبەرامبەر ئەمدا تورکیا ئامادەی هەموو نەرمی نوندنێکی سیاسیە تا پاڵپشتی ڕوسیا لەدەستنەدات و بپەچڕانشەوە ڕوسیا پەیوەستی بەتورکیایە تاپارسەنگی هێز بپارێزێ دژی هاکاباڕەکەی کە ئەمریکا یە. چونکە بەهێزبوونی هێزکوردیەکان بەپشتیوانی هاوپەیمانێتی ئەمریکا وادەکات کورد لەخەونی گەیشتن بەدەریای سپی ناوەراستی نزیک

بەتەوو ئابووری کوردستانی ڕۆژئاوا بگاتە لوتکە بەمەش ئەمریکا لەنەو بژاردەی بازرگانی و بەرژەوەندی ئابوری لەنەوان کوردستانی ڕۆژئاواو تورکیا سەربەست دەبێت. لەلایەکی تریش ترسی تورکیا لەوەیە لەداهاتویەکی نزیک پڕۆژە دەستورێکی کەنفیدرالی بە وڵاتی سوریا لەدایک ببێت و کۆشکی سوریا بنبەبکرێت، بەمەش تورکیا هەناگاوێک لەوخانی هەڕەمی دەسەڵاتی دیکتاتۆری نزیک ئەبێتەوو چونکە هەموو جیهان چاوی ئەکەوێتە سەر سیاسەتی سەرکوتکردنی کوردی باکور لەلایەن سوڵتەی تورکیای داپڵەسکێر.

هەرچەندە سوریا ڕوشانە لەبەر ناوبانگی سەروەری وڵات نیگەرانی دەربەیوە دژی پڵاماری تورکیا بەڵام ژێربژێر بەرژەوەندی سوریا لەم ڕکەوتنە سە قازیە خەی لەوئابینێتەوە کە سوریا بە هیوابووە لەوەرگرتنەوەی نیشتیمانی کورد لەهەزکانی کوردی ڕۆژاوا بەیە ئەگەر پیلانی خەونی تورکیا سەربگرێ ئەوا لەداهاتوودا سوریا ئاسنتر دەتوانێ بەهەماهەنگی لەگەڵ تورکیا جارێکیتر سنوردەستکردەکەی وەرگرێتەوە و دایڕێژێتەوە، لەئێنجامدا تورکیا سەرهەڵدانی خەونی سەربەخۆی کوردی ڕۆژاوا چەندەها ساڵەک ئەباتەدواوە.

وەهەروەها ئەوەی ڕوسیای هانداوە پەی بخزێتە ناو ئەم ڕکەوتنە ئەمەیە کە دەیەوێت پارسەنگی هەزو دەسەڵاتی خەی لەڕۆژهەڵاتی ناوین بەهەزبکات بەڕازی کردنی تورکیاو بەپاپشتکردنی سوریا کەڕەکەی سیاستی دەوڵەتەکەی دژی ئەمریکا تاودەدات. هەرچی ئەمریکایە ترسی لەدەستدانی تورکیای هەیە کەلە یاری جەمسەری لوتکەی ولاتە زلهەزکان ئەکتەرێکی دیاری گۆڕەپانی ململانێکەیە تاوەکو تایەی تەرازوی هەز بەلای ڕوسیا لاسەنگبات بەیە ئەمریکا لەم ناوەدا هەرگیز دەستڕوسان ناوەستێت.

پەدەچێت ململانێی نێوان جەمسەری زلهەزکان (ئەمریکا_ڕوسیا) و کەبەکەیان لەنەو یاریکەدا ئەمریکا وەک پاڕەوانی گۆڕەپانی سیاسی ناوچەکە بمێنێتەوە، چونکە دەستڕوسانی ئەمریکا و ئاگەری براوەی بەری ڕوسیا وادەکات ئەمریکا متمانەی هەز لەڕۆژهەڵاتی ناوین لەدەست بدات و هاوپەیمانەکانی وەنەیەکی لەرزەک لەپاڵ سیاسەتی داهاتووی ئەمریکا لەناوچەکەدا ڕەنگیبداتەوە و هەڕەسهێنگاندنی نابەرامبەری بەبکرێت.

هەروەها، لەڕووی بەرژەوەندی ئابوریشەوە پلانی ئەمریکا بەبەستنەوەی سنوری دەسلاتی هاوپەیمانەکانی(کانتۆنەکانی ڕۆژئاوا) بەدەریای ناوەڕاست بەمەش زەبرێکی کوشندە بەرئایندەی ئابووری تورکیا

دکۆمێنتاری و ئەتۆمی تورکیا ئاخاوتەکەی ترسیوە. پشبینیکان دەریدەخن، پلانی چەندساڵی داهاتووی ئەمریکا بۆ ناوچەی تورکیا ناچاربکات ملبداتە بەرژەوەندیی تایبەتمەندیکانی ئەمریکا و پارسەنگی هێزی روسیا لاوزدەرکەوێت، هەنگاو لەم قۆناغەی ئێستای هەژئاوادا پشتی کوردەکان بەرنادات و لژڕەوە یارمەتی سەربازی هەزکوردەهاوپەیمانەکان بدات چونکە کۆتنی عەفرین بالادەستی جەمسەری ڕوسیا دەردەخات بەڵام خەڵاگری عەفرین و دەنگدانی کەمەگەی نەودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان پلانی تورکیاو هاوپەیمانەکانی پوچەڵدەکاتەوە خۆنی تورکیا لەگەڵدەنرێت. لەوکیترەوە ئۆگەری وەرانبووونی عەفرین لەلایەن تورکیا بگومان باجەکەی قورس دەبێت و تورکیا وەک نەیارێکی سەرسەختی ئەمریکا پۆگەی خۆی دەخاتە بەردەم مەترسەکی گەورە. بۆیە بەدوورنازانرێت سەرسەختی تورکیا کاربگاتە ئەوەی لەداهاتوودا بەسەی ئاگری شەشی کورد لە دیاربەکر هەنگبداتەوە و پشەوی ناوخۆی تورکیا سەرهەبدات و کورسی سوڵتانی زەردار لەمەرگ نزیکبێتەوە و لەسەردەستی کورد کۆتای بەم دەسەاتە کوردکوژە تەتالتارە دەندکاریە بهێنرێت.

خواستی نەتەوایەتی و ویستی ئەلیگارشی ...8 ... نەجمەدین فارس حەسەن

بەشی هەشتەم /هەشت بەش

بەشی هەشتەم

کرداری کردنەوەی یەکسانی مافی نەتەوەکان ....

مافی یەکسانی نەتەوەکان, دیدگاو بۆاو بۆچوونی جیاوازی لەسەر. جیاوازی دیدگاکان, پەیوەندی بەپۆگە و بەرژەوەندی کەمەایەتی و ئابووری جیاوازەوە هەیە, چونکە هەر دیدگایەك هەە ئینجاوی ناو ئاست و پۆگەی چینایەتی یە و لەو ڕۆگەیشەوە دەست نیشانی و چنیەتی پارزگاری کردنیان بەرجەستە دەکات. دیدگای ماکسیستەکان

جیاوزای بنەماتیان لەگەڵ هەڵوەست و بۆکرداری کردنەوەی مافی یەکسانی نەتەوەکان لەگەڵ بۆرژوازی و سەرمایەداران و پارتەکانیان هەیە. لەبەرئەوەی مافی یەکسانی نەتەوەکان لەلای مارکسیستەکان, هاوتایی مافی هەموو ئەندامێکی کۆمەڵگایە لەهەموو ڕووەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە. ئەمش ئەگەر لە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا جێ بەجێ نەبێت, کە مەرحەلەیەکی ڕاگوزەرو گواستنەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداریە بۆ سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی. لە سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمی زانستی دا , هیچ پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یان ئیپنی و ئاینی و مەزهەبی جیاواز بوونیان نابێت. مرۆڤ دادەماڵێت لەخەڵکەکەشان بۆپەگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەتەوە و ئاین و مەزهەب و ڕەنگی پێست و گەورەیی و بچووکی جێستیەوە. چونکە پەگەی ئابووری و خاوەندارێتی تایبەتی, دەسەڵاتی چینایەتی لەسەرتای دروست بوونەوە سەرچاوەی بۆ ماف کردن و چەوساندنەوە و جیاوازی کردنی مرۆڤکانە, هەروەها داڕێژەری سنوورو دەسەڵاتە جیاوازکانیشە. دەسەڵاتی جیاوازی دەوڵەت و نەتەوەکان, واتە جیاکردنەوە و دژایەتی و هەوێی کۆمەڵکە بەسەر کۆمەڵ و نەتەوەیکی تردا. ئەمش سروشتی بەردەوامی دەسەڵاتی چینایەتیە و لەپناویدا هەموو ڕەگەیکی بۆی ئاگیرێتە بەر, ئاویش بەدروستکردنی جیاوازی جەندەری و نەتەوەیی, ناوچەگەرێتی و ڕەنگی پێست و بچوکی و گەورەیی دەسەڵات, سیستمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان پایەدار و بەردەوام دەکەن.

لەلایەکی ترەوە دیدگای بۆرژوازی و سەرمایەداران, لەبارەی مافی یەکسانی نەتەوەکان, پەدانی مافی یەکسانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی سەرمایەداران و بۆرژوازی نی یە لەگەڵ هەمان چین و توێژی نەتەوەی ژێردەست. لەبەرئەوە ئەمانە هەتا لەدامەزراندنی دەوڵەتیشدا , جیابوونەوەی نەتەوەکەی لەژێر دەسەڵات وچەپەکەی نەتەوەی لەسەر دەسەڵات, مافی یەکسان بۆئەندامانی نەتەوەکەی نادات و چەوساندنەوەی پیوەندی کار و سەرمایە, لەنێوان کرێکاران و زەحمەتکێشانی نەتەوەکەی کۆتایی پێ ناهێنێت. ئەمیش دیدگایەکی جیاواز و لێك دوورن لەگەڵ دیدگای سۆسیالیستی و مارکسیستەکان. دوو هەڵوەست و جۆری جیاوازی بۆرجەستەکردنی مافی یەکسانی نەتەوەکانە.

بەم پێیە لەدەوڵەتی سەرمایەداری و بۆرژوازی لیبراڵ و دیموکراسیەکاندا, تەنها لەپرەسەس کردنی دەوڵەتی نەتەوەدا خۆی دەبینێتەوە, ناتوانێت بۆپەی هەلومەرجەکانی نەتەوە, کە لەووی جێسیاسی و جێئابووری و سیستەمی بەرهەم هێنان و توانا

سەربازیەکانییەوە دیاری دەکرێت, مافی یەکسان بۆ نەتەوەکانی دابین بکات. لە بەرئەوەی بەرژوەندی نەتەوەیەك بەرژەوەندی لە بووونی کۆشەی نەوان نەتەوەکاندا هەیە, یان لەزرترین ئووەوە و لەکاتە جیاوازکاندا سوود لەکۆشەو ململانێی نێوان کرێکاران بەناوی نەتەوە جیاوازکانەوە وەردەگرێت. لەپێناوی ئەوەی باڵادەستی سەرمایەداران هەر بەبەرقەراری بمێنێتەوە, لەلایەك باڵادەست بێت و کۆکەی سەرمایە بکات لە هێزی کاری کرێکاران و ژێردەستەی هێزمووونی سیاسەت و ئابووری خۆی دەکات. بەرژوازی و سەرمایەداران بەخۆیان و هاوچینەکانیان لەپرسەی ژیان و سیاسەت و ئابووریدا یەکسانی و هاوتایی خۆیان بەرقەراردەکەن و لەکەمەگادا زاڵی دەکات.

